# بەرەی كوردستانی بەرەو كوێ؟

مەولوود ئافەند
mawlodafand@yahoo.com

بیرۆكەی بەرەی كوردستانی، یەكێكە لەو رۆژەڤە دەستكردانەی كە ماوەیەكی درێژە پانتایی خەبات و ئەدەبیاتی سیاسی ئەحزابی رۆژهەڵاتی كوردستانی قۆرخ كردووە و بەجۆرێك بۆتە سپەرێك بۆ خۆحەشاردان و دەمامكێك بۆ ونكردنی سیمای ڕاستەقینەی حزبەكان. ئەم رۆژەڤە دەستكردە لەوەش زیاتر تەشەنەی سەندووە بۆ ناو چینی قەڵەم بەدەستان و ڕووناكبیرانی رۆژهەڵاتی كوردستانیش، بەتایبەت ئەوانەی لەدەرەوەی سنوورەكانی رژێمی ئێران دەژین. بەم پێیە دەیان و سەدان وتار و لێكوڵینەوە و وت و وێژ لەمەڕ زەرورەتی پێكهێنانی بەرەیەكی كوردستانی لەبڵاوكراوەكان و لەسەرووی هەموویانەوە لەمیدیای حزبەكاندا بڵاو دەبێتەوەو روبەرێكی زۆری بۆ خۆی تەرخانكردووە كە هەموویان لێكچوونێكی سەیریان لەگەڵ یەكتریی هەیە و كۆپییەكن لەوانی تر.
ئەو بەرە كوردستانییەی كە ئێستا لەسەر كاغەز و لەسەر پێگەكانی ئینتەرنێت دروست بووە، هەموویان بەگشتی هێمای ئەو زهنییەت و كەلتوورەن كە تاكی كورد سەبارەت بەم مەسەلەیە تووشی ناهومێدی دەكەن و لەناو گێژاوێكی پڕ لەهات و هاواردا سەری لێ دەشێوێنن. وت و وێژی بەرپرسە حزبییەكان زۆرتر بازاڕێكی قەرەباڵغ لەپێش چاوی مرۆڤدا وێنا دەكات كە هەر كەسە و بانگەشە بۆ كاڵای خۆی دەكات و "كەس بە دۆیی خۆی ناڵێت ترشە". لەلایەكی دیكەشەوە نووسینی كەسان و سەرچاوە سەربەخۆوەكانیش نەیتوانیوە خۆی لەم ڕاستییە دوورەپەرێز بگرێت و بەجۆرێك لە جۆرەكان خۆی لەژێر چەتری داكۆكی كردن لە لایەنێك و هەروەها كوتانی لایەنێكی تر دا دۆزیوەتەوە. بەگشتی هەموویان مۆركی پاوانخوازییان پێوەیە كە پێكەوە سازان و خەباتكردن لەسەنگەرێكی هاوبەشدا مەحاڵ دەكەن.
من گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتە كە بەرەی كوردستانی لەئەنجامی دەستپێشخەری و هەوڵی دڵسۆزانەی حزبەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان هەرگیز پێك نایەت و سەركەوتوو نابێ، ئەگەریش پێك بێ ئەوا لەئەنجامی گوشاری دەرەكیی دا دروست دەبێت، بەپێچەوانەی لێكدانەوە و نووسینەكان سەبارەت بە دروست بوونی بەرە پێم وایە هەر لەسەرەتای هاتنە سەر كاری رژێمی كۆماری ئیسلامی ئێرانەوە زەروورەتی خەباتێكی هاوبەش لە ئارا دابووە. لە كەسیشمان شاراوە نییە كە نەبوونی ئەم فەزایە، چەندە بە زەرەری گەلی كورد تەواو بووە و هەلی مێژوویی لە كیس داوە و تەنانەت بەرەو شەڕی ناوخۆیشی پەلكێش كردووە.
بەداخەوە باسكردن و هێنانە گۆڕی بەرەی كوردستانی لەلایەن سەرجەم حزبەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان بۆتە سەكۆیەك بۆ ململانێی نادروست و تەنانەت نیشاندانی ماسولكەی هێز و قەبەیی. ئەمە بەتایبەت لە لایەن ئەو هێزانەی خۆیان پێ سەرەكییە، زیاتر بەرچاو دەكەوێت. ئەو هێزانە

**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

لەجیاتی ئەوەی ڕێگەخۆشکەر بن بۆ دیالۆگ و پێکەوە دانیشتنی کەسایەتی و لایەنەکان، لەهەوڵی قووت دانی کەسایەتیی و گرووپەکان دان. بەواتایەکی دیکە لەهاوپەیمانییەك دەگەڕێن کە لایەنەکەی دیکەی پێ مەحکووم بکەن و بەخەڵکیش نیشان بدەن کە ئەوان هیچ کێشەیەکیان نییە و ئەوە بەرامبەرەکەمانە کە نایەوێ بێتە ناو ئەم بەرەیە. لایەنەکانی دەرەوەی ئەو هێزە سەرەکییانەش، نە تەنیا جڵەویان بۆ خۆشکردوون و بەجۆرێك بوونە ئامراز و داردەست، بگرە زۆرتر ناکۆکییەکانیان قووڵ کردوە و کۆسپێکی دیکەیان لەبەردەم پێکهێنانی بەرەدا دروست کردووە.

هەرچەندە بەرواڵەت هیچ لایەنێك پێش مەرجی نییە بۆ کەوتنە ناو خەباتێکی هاوبەش، بەڵام هەموویان بەیەك ئەندازە لەسەر وەرگرتنی ئیمتیازی زیاتر لەشەڕ دان و حازر نین پاشەکشە بکەن. ئەوەی ئێستا لە میدیای حیزبەکان و لەگوتاری ڕۆژانەی ئەواندا بەرچاومان دەکەوێ و گوێمان لێ دەبێت، ڕاگەیاندنی شەڕێکە دژ بەیەکتری. شەڕێك کە تیایدا هەوڵی سڕینەوە و نکۆڵی یەکتر دەدەن و لەپێش چاوی ڕای گشتی سیمایەکی دزێو و ناشیرین بەیەکتری دەبەخشن. ڕاشکاوانە دەتوانم بڵێم زۆرترین شەڕی ئێستای حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی یەکترییە و کەلتوورێکی بەمجۆرەیان لەنێوان لایەنگرانیشیان دا پەرە پێداوە کە مەترسییەکی زۆر گەورەیە بۆ داهاتووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەر بۆیەش سەرەکیی ترین و گرنگ ترین هەنگاو بەرەو پێکهێنانی بەرەی کوردستانی ئەوەیە کە حزبەکان دان بەیەکتری دابنێن و یەکتری ڕەت نەکەنەوە ـ واتە خاڵێك کە ئێستا لە هیچ شوێنێکی جیهاندا ئاسەواری نەماوە ــ بەپێچەوانەوە، بەرەی کوردستانی ئەگەر پێکیش بێ، دەبێتە مەیدانی تەڕاتێنی شەڕە قسە و حزبایەتی و داهاتووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تازە بەتازە تۆوی هیوا و گەشبینی بەسەرکەوتن تیایدا چەکەرە دەکات، بەرەو ئاژاوە و دەمارگیری حزبایەتی ڕاکێش دەکەن.

pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!